# کۆمەڵگە و ئەفسانەی وتن *

**عومەر جەلال**
omerjelal@yahoo.com



لەسەرەتای پەیدابوونی مرۆڤەوە هەوڵی زۆر دراوە بۆ قسەکردن هەرچەندە پێشتر لە رێگای هێماوە بووە ,بەڵام لەگەڵ بەرەو پێشچوونی شارستانیەت و کولتوورەکان, ئیدی قسەکردن بووەتە ئەلتەرناتیڤی هێما و گرنگی خۆی بینیووە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا.

هەر کۆمەڵگەیەکیش بەڵێنی زۆری تێدا درا و کاری کەمی تێدا کرا هێمایەکە بۆ شکست و سستی ئەو دەسەڵاتە ,ئەوەی لە کوردستان دەبینرێت دەتوانین ناوی لێ بنێین شۆرشی وتن ,وەلێ هێندەی گوێبیستی ئەو قسانە دەبین کە لە دەسەڵاتەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت نیو هێندە ئیشی جێبە جێ کردنی ناکرێت,ناشرینییە ئەوەش بشارینەوە کە هەریەك لە تاکی کوردی لەتەك سەرەتای درووستبوونیەوە لە خێزانێك لە دایك دەبێت کە زۆرترین ئەندام لەخۆ دەگرێت و رۆژانە گوێبیستی زۆر ترین قسە دەبێت ئەمە لەکاتێکدایە هەریەك لە ئێمە دەچێتە قوتابخانە بە هۆی زۆربوونی ئەو رێژەیە لە قوتابی تووشی جۆرێك لەجەنگی قسە کردن دەبێت ,چ جای ئەوەی زۆرینەی مامۆستاکانیش لە ئاست ئەو قسانەدا نییە کەدەیکەن لە ماڵەوەش بە لێنی ئەوە بە قوتابییەکە دەدرێت کە دەربچێت خەڵاتی قەشەنگی بۆ دەکڕدرێت ,ئیدی لێرەوە زۆری وتن و کەمی جێبە جێکردن دەبێتە ئەفسانەیەك لە هزری تاکی کوردیدا ,پاشتر دەسەلاتی دێتە پاڵ بەرۆژ لە ڕاگەیاندنەکانەوە بەڵێن دەدرێت و شەویش دەنوێت ,شەوان بەڵێن دەدرێت و بەیانی بەڵێنەکە بە مردووی دەدۆزرێتەوە ,تەنانەت کار دەگاتە ئەوەی ئەو وتانەی دەوترێت زۆر جار بەڕاستیش بێت جۆرێك لە گومانی تێدا دەبینرێت.

## سەرکردە وەك وتاربێژێك نزیك لە یۆتۆپیا

کاتێك سەرکردەکان دەدوێن لە تەك ئاخافتنیان زۆرترین رێژەی کۆمەلگا بەلای خۆیاندا پەلکێش دەکەن گرنگ نییە ئەو بەڵێنە تا چەند دەچێتە خانەی راستگۆییەوە, گوێگر کۆمەڵێك مرڕۆڤی خۆشباوەرە ,ئیدی لێرەوە سەرکردە دەچێتە رۆحی تاکەوە بێ ئەوەی بزانرێت لە پشت ئەو وتانە چیدی هەیە .ئەو هەموو بەڵێنانەمان هەرگیز لە یاد ناچێت لە ساتی خۆیدا بۆ کەرکوك کرا و جگە لە داگیرکردنی دوو پەیڤی وەك (قودس و دڵ ) هیچی دیکە نەبوو ئەمە لە لایەك و لە لایەکی دی لە شاخدا سەرکردەی حیزبەکان ئەو بەڵێنەی کە دەیان وت زۆر بە سادەیی بە لای راستیدا نەدەچوو ,لەم ماوەیەدا مادەی (140) هاتە پێشەوە ئەو هەموو قسەکردنە لەسەر ئەم مادەیە تەنیا یۆتۆپیا بوو ,با ئەمەش بووەستێت لەو لاوە ئەی ئەو هەڕەشە کردنە لە جاش و مستەشارەکان و گەندەڵەکانی حیزبەکان تەنیا قسەیەو و هیچ نا, ئەگینا نەك نەمان بینی بەڵکو نەمان بیست بچوکترین سزا لە لایەن دەسەڵاتەوە بۆ ئەو کەسانە دەربچێت ,سەرکردە کاتێك قسە دەکات مەرجی سەرەکی ئەوەیە دەبێت لە هونەری قسەکردن بزانێت یان هیچ نەبێت دەبێت بزانێت ئایا لە ئاست ئەو بەڵێن و قسانەدایە یان نا؟ ئایا قسەکردن گرنگن یان نەکردنی ئەگەر ئەنجامی نەبێت .

## وتن وەك گەندەڵی

گەندەڵی تەنیا مەرج ئەو هەموو سستیی و رۆتینات و نادادپەروەرییە نییە بەڵکو زۆر سات دەبینین زۆرینەی رۆژنامە حیزبیەکان خۆیان بەشێك دەبن لەو گەندەڵیە ئەو کات نووسین بێت یان وتن ,بەمانایەکی دی ئەوەی لە توانای دەسەڵاتدا نەبێت بیکات بە ئەفسانەی وتن دەیکاتە سەر ڕووپەری رۆژنامە حیزبیەکان بە تایبەت ئەو هەموو بڕیاری پرۆژە و دواخستن و نەکردنی دەبێتە جۆرێك لەگەندەڵی رۆژنامە, پاش ماوەیەك وەك بچوکترین وتن لە یاد دەچێتەوە تەنیا بۆ ناشرین کردنی رۆژنامە و خۆشاردنەوە لەو قسەکردنە وەك شێوازی راستەوخۆ .لێرەدا ئەو رۆژنامانە هیچیان کەمتر نییە لەو بەشە گەندەڵیەوە کەلەرێگای حیزبەکانەوە دەکرێت,هەرچەندە لە کوتووری کوردیدا وا باوبووە هەمیشە رۆژنامە سەربەخۆکان ئیشیان ئاشکراکردن دۆزینەوەی ئەو نهێنیانە بێت کە کۆمەڵگەی ناشرین کردووە و پێچەوانەی رۆژنامە حیزبییەکان کەتایبەتە بە کار و چالاکی حیزبەکان ئیدی گرنگ نییە تا چەند لەتەك ئاستی کۆمەڵگەدا دەگونجێت.کاتێك دەسەلاتی چوارەم شێوێنرا ئیدی قسەکردنی بێ ئەنجام دەبێتە هۆکارێك بۆ شێواندن و کپکردنی تاکی کۆمەڵگە.

## چەمکی وتن و دەسەڵاتی نەخوێندەوار

بڕواناکەم جگە لە کۆمەڵگەی کوردی هیچ کۆمەڵگەیەکی دی ئەوەندەی کورد مەسرەفگەرا بووبێت لە قسەکردن و بەڵین ,هیچ نەتەوەیەك بە ئەندازەی هەرێمی کوردستان ئەو هەموو رۆژنامەی نییە (بە پێ ی رێژەی دانیشتوان و توانای رۆژنامەکە) کەچی تەنیا رەشکردنەوەی پەڕەکانە و کەمترین سات دەسەڵات گوێبیستی دە بێت یان بەمانەیەکی دی دەسەڵات دەبێتە مرۆڤێکی نەخوێندەوار و بێ ئاگا .ئەمە لە کاتێکدایە کە دەسەڵاتی کوردی لە هەنووکەدا لە هەوڵی پرۆتیستۆی ئەو رۆژنامە سەربەخۆیانەیە لە نێویاند ا رۆژنامەی (هاوڵاتی) یە کە زۆرترین ترسی دەسەڵاتبووە لەسەر ئەو هەموو ئاشکراکردنی گەندەڵی و بلاوکردنەوەی ناوی مستەشار و کەسە گەندەڵەکان,کاتێك دەسەڵات گوێ نەگرێت لە سکاڵای هاوڵاتیان و رەخنەی نووسەران و سزای رۆژنامەنووسان بدات دەبێتە ناوی چ دەسەڵاتێکی لێ بنرێت ؟ئایا چ دەسەڵاتێك هەیە ئیشی ئەوە بێت قسە بکات و گوێ نەگرێت ؟ لە چ مێژوویەکدا و لەچ رۆژگارێکدا وا باو بووە دەسەڵات ببێتە خاوەن فەلسەفەی وتن ودژی گوێگرتن ئەوانی دی بێت ؟

## وتنی دەسەڵات و پرۆتیستۆی وتنی گەنجی یاخی

ئەوەندەی دەسەڵات لە هەوڵی ئەوەدایە وەك کارەکتەرێکی قسەکەر بدوێت نیو هێندە ئارەزووی ئەوەی نییە کوێبیستی ئەم نەوە نوێیە بێت ,یان بەمانایەکی دی دەسەڵات دەیەوێت خۆی بدوێت و دژی ئەو هەموو خۆپیشاندنانە بێت کە لە لایەن گەنجەکانەوە دەکرێت بەمەبەستی ئەو هەموو نادادپەروەریە ,هەندێ جار مرۆ دەتوانێت قسە بە شێوازی دی بکات, مەرج نییە تەنیا خۆپیشاندان بێتە هۆکارێك بۆ وەلام دانەوەی سستی دەسەڵات ئەوەی ئەمرۆ گەنج دەسستی پێکردووەتەوە کە بریتیە لە کۆچ خۆی لە خۆی دا هێمایەکە بۆ وتنێکی بەردەوام و مانایەکە بۆ بێدەنگ کردنی ئەو دەسەڵاتەی ئومێدی هەیە بە گەنجی ئەم نەوەیە,حیزبەکان وەك ئامێرێك لە ساتی هەستیار و پێویستدا بۆ وێنە لە هەڵبژاردنەکان هەموو توانای خۆیان دەکەنە کار بۆ راکێشانی گەنج و پاشتر کە ئیشیان پێ نەما داواکانیان رەتدەکەنەوە.

هەموو وتنێك ئەگەر بە پێ ی سیستمێك بێت تۆتالیتاریانە مامەڵە بکات ئەوا ئایندەی رەش چاوەرێی دەکات ,هەموو بێدەنگ کردنی دەنگێك کە لێوان لێو بێت لە یاخی بوون و پرۆتیستۆی گەندەڵی و نادادپەروەری ئەوا بێگومان دەچێتە خانەی دیکتاتۆریەتەوە,مەرجی دیکتاتۆریەت تەنیا ئەوە نیە مرۆڤەکان بکوژیت هەندێ سات بێدەنگ کردنی دەنگی ئازاد ئازاراوی ترە لە کوشتنی خودی مرۆڤەکە.

## وتن وەك چەکێکی کوشندە

وتن هەندێ سات بە شێوازی چەکێك بە کار دێت بۆ بێدەنگ کردنی کۆمەڵگە لە لایەك و خۆشباوەڕی تاکی کۆمەڵگە لە لایەکی دی ,ئەو هەموو بەڵێنەی بۆ خاوەنی قوربانییەکان و کەس و کاری ئەنفالەکان لە کاتی خۆیدا وترا کەچی هیچ ئەنجامێکی نەبوو,پاش 19 ساڵ لە وێران کردنی گوندەکان رۆژ بە رۆژ بەرەو چۆڵ بوون دەڕوات و کەچی هەر گوێبیستی ئەوە دەبیین گوایە کەوا خزمەت بە گوندەکان دەکرێت و ئاوەدان دەکرێتەوە ,هەڵەبجە ئەو زامە سەختەی بووەتە بەشێك لەخەمی هەموومان کەچی تا هەنووکە بۆنی خەردەل و کەلاوە رووخاوەکانی دەبینین ,دەسەڵات هەمیشە ئەوە دەڵێت هەڵەبجە دەکەینە دەستە خوشکی هیرۆشیما ,چ جای ئەوەی هەولێر و سلێمانی لەو لاوە بوەستێت کەوا خەریکە (دوبەی) تێپەر دەکات.لێرەدا وتن دەبێتە چەکێك بۆ هێنانە ناوەوەی ئابووری تەنیا لە رێکای چەکەوە ئەویش چەکی وتنە و ئەفسانە کردنی وتنە بۆ چەواشە کردنی تاکی کۆمەڵگە.

## شکستی ئەفسانەی وتن

کاتێك وتن یان قسە کردن دەچێتە سنوری فەرامۆشیەوە وە ئیدی هاوڵاتیان بڕوایان پێ نامێنێت ئایا تا چەند ئەم وتانە نزیکن لە راستیەوە ؟یان چەندە کاریگەریان هەیە ؟پاش ئەوەی بۆ چەندین جار لە رێگای ئەفسانەی وتنە وە هاوڵاتیان خۆڵ دەکرێتە چاویانەوە ,ئەو کات وتنی دەسەڵات بەرەو مەرگ دەڕوات و تووشی گەورەترین شکست دەبێت هەروەك چۆن زۆر جار ئەو وتانەی دەوترێت هیچ ئاماژەیەك نادات بەڕاستی ,ئیدی لەو ساتەوە تاکی کۆمەڵگە بڕوای بە قسە و بەڵێنی دەسەڵات نامێنێت و بە شێوازێکی رەها ئەفسانەی وتن لای دەسەڵات شکست دێنێت و بە رەهایی تاکی کۆمەڵگە وتنی بێ بنەما رەتدەکاتەوە.

---

لە هەفتەنامەی (هاوڵاتی ) ژمارە (361) ی 2007/10/7 بلاوبووەتەوە.*